**بەناوی خوای بەخشندەو میهرەبان**
**بەناوی گەلەوە**
**ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی عێراق**
**ژمارەی دەرهێنان: ٣٥**
**رۆژی دەرهێنان: ٢٠٠٤/٧/٢٥**

پشت بە حوكمی برگە (١)ی ماددەی (٥٦)و ماددەی (٥٣) لە یاسای ژمارە (١)ی هەموارکراوی ساڵی (١٩٩٢) و، لەسەر داوای ژمارەی یاسایی لە ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق و، ئەو یاساکارییەش کە ئەنجومەن، لە دانیشتنی ژمارە (٤٥)ی رۆژی (٢٠٠٤/٧/٢٤)یدا ئەنجامی داوەو، بەپێی ئەو دەسەڵاتەش کە برگە (٣)ی ماددەی دووەمی یاسای ژمارە (١٠)ی ساڵی ١٩٩٧ پێمانی داوە، بڕیاری دەرهێنانی ئەم یاسایەی خوارەوەمان دا:

## یاسای ژمارە (٣٥)ی ساڵی / ٢٠٠٤
## یاسای یەکەم هەموارکردنی یاسای ژمارە (١٣)ی ساڵی (١٩٩٩)ی خانەنشینی ئەندامانی ئەنجومەنی نیشتمانیی هەرێمی کوردستانی ـ عێراق

**ماددەی یەکەم :**
بڕگە (أ) لە مادەەی دووەمی یاساكە هەموار دەکرێ و، بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
سەرۆکی ئەنجومەن و جێگرەکەی و سکرتێرو ئەندامیش، کاتێ ئەندامێتییان کۆتایی دێت یان لە دەستی دەدەن موچەیەکی مانگانەی خانەنشینی بە بڕی (٧٥٪)ی کۆی مووچەو دەرماڵەی مانگانەی ئەو ئەندامانە وەردەگرن کە لە ئەنجومەندا بەردەوامن.
**ماددەی دووەم:**
ماددەی پێنجەمی یاساكە هەموار دەکرێ و بەم شێوەیەی خوارەوە دەخوێنرێتەوە:
بەپێی رێژە دیارکراوەکان کە لە یاسا بەرکارەکاندا هاتووە، بەشی خانەنشینی مانگ بە مانگ لە مووچەی مانگانەی ئەندام دادەشكێنرێت.
**ماددەی سێیەم:**
ماددەی حەوتەم هەموار دەکرێ و، ئەسڵی ماددەکە دەبێ بە (بڕگەی یەکەم)ی ماددەکەو، بڕگەیەکی دیکەی بە زنجیرەی (٢) بۆ زیاد دەکرێ وەك ئەمەی خوارەوە:
٢–حوكمەکانی ئەم یاسایە ئەندامە خانەنشینەکانی ئەنجومەن دەگرێتەوەو، موچەکانیان لە رۆژی بەرکارخستنی ئەم یاسایەوە هەموار دەکرێن.
**ماددەی چوارەم:**
هەر دەقێ پێچەوانەی حوكمەکانی ئەم یاسایە بێت، ناخرێتە بەرکار.
**ماددەی پێنجەم:**
ئەم یاسایە لە رۆژی بڵاوکردنەوەی لە (وەقایعی کوردستان)دا دەخرێتە بەرکار.

ئەرشیفی رۆژنامەی وەقایعی کوردستان

**د.رۆژ نووری شاوەیس**
**سەرۆکی ئەنجومەنی نیشتمانیی کوردستانی ـ عێراق**

www.mojkurdistan.com